سەدر ئیدانەی کۆمەڵکوژییەکانی سودان دەکات: ئامادەین هاوکاری بگەیەنین ئەگەر میکانیزمی گونجاو لەبەردەستدا بێت

موقتەدا سەدر، سەرۆکی بزوتنەوەی نیشتمانی شیعە ئامادەیی خۆی بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ گەلی سودان ڕاگەیاند و ئەو توندوتیژییە "تیرۆریستییە"ی شەرمەزار کرد و دەڵێت، ئەوکارە لەلایەن "میلیشیاکانەوە" بۆ پارەی نێودەوڵەتی بەرامبەریان ئەنجام دەکرێت.

سەدر ئەمڕۆ شەممە لە تویتێکدا لەسەر پلاتفۆرمی ئێکس کەموتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە باسی لەوەکردوە، "ئەوەی لە سودان ڕودەدات لە ڕوی ململانێ ناوخۆییەوە، ڕەنگدانەوەی ڕادەی دەستێوەردانی سیاسی ناوچەکەیە، کە دۆخی مرۆیی لە ئێستاوە ترسناکتر کردوە، بوەتە هۆی بڵاوبونەوەی پەتا و برسێتی و مردن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "گروپێکی تیرۆریستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتی بەبێ وەستان هاوڵاتیان دەکوژن، کۆمەڵکوژیی، کوشتنی منداڵان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و ئەو لەسێدارە بەکۆمەڵانەی کە لەلایەن میلیشیایەکی پیسەوە ئەنجامدراوە توشی شۆکی کردوم".

سەدر دەڵێت، "لە کاتێکدا ئێمە سەرکۆنەی هەمو ئەو کردەوە نامرۆڤانە و تیرۆریستیانە دەکەین کە

ل□ سودان □ود□د□ن، س□رمان سو□ماو□ ل□ ه□□و□ستی و□اتان ک□ ه□و□ی دامرکاندن□و□ی ململان□کانناد□ن و د□ستی هاوکاری ب□ گ□لی د□ستان□ی سودان در□ژ بک□ن، ه□رو□ها سه□رک□نه□ی د□ست□و□ردانی ن□ر□نی ه□ند□ک و□ات د□ک□ین ک□ ل□بری چ□ک بونه□ته□ سوت□م□نی تیر□ر".